

# بازنی بریقەدار لە دەست بکە

ئێکسسوار گەلێك چەشن و جۆری هەیە، زۆری و بۆری ئێکسسوار، وا لە کچان دەکات پڕ بە دڵ نەتوانن بە ویستی خۆیان یەکێك لەو ئێکسسوارانە هەڵبژێرن تا بەخۆیانیەوە بکەن، هاوینان چەندین جۆرە ئێکسسوار لەلایەن خانمانەوە دەپۆشرێن لەوانە : بازن، گوارە، ئەڵقە و ئەنگوستیلە، ملوانکە، خڕخاڵ، هەر یەك لەم ئێکسسوارانە بە چەشنێك جوانی و بایەخی خۆیان هەیە، ئەوەی زیاتر کچان پێیان جوانە و بە بەردەوامی لەبەری دەکەن، بازنە کە دەست و مەچەکی خۆیانی پێدەڕازێننەوە. جوانیی بازن لە بریقەی کریستاڵ و نەخشی نقێمی سەر بازنەکەیە، لەو کاتەی بەر ڕووناکی هەتاو دەکەوێ بریقەیەك بە دەست و مەچەکی خانمان دەبەخشێ، جاران بازن زیاتر لە کانزا دروست دەکران، زۆربەی هەرەزۆری لە زێڕ و زیو، تەنەکە، مس بوو، ئێستا مۆدی بازن زیاتر لە کریستاڵی بچووك و مووروو، کە سادە وجوان ساکارن، لە دەست و مەچەکی کچانیش بە قەشەنگن. مۆدی تازەی بازن پێیدەگوترێ (کروشێ)، هەندێکیان لە شێوەی گوڵن، یان وەك تاجە گوڵینە وایە، بە شلی لە دەست دەکرێ، چونکە وەکو بازنی پێشوو توند نییە، بەڵکو خاو خاو بەسەر دەست و مەچەکدا دێتە خوارەوە.



# کیژۆڵەکەت وەک بووکە شووشەیە

ئەگەر وا هەست دەکەی، لە هەڵبژاردنی جلێکدا سەرکەوتووی، دەبێ وریای جل و بەرگ و جوانی منداڵەکەشت بیت، چونکە ئەوانیش نموونەیەکن لە جوانی و دەست ڕەنگینی خۆت کاتێك کیژۆڵە خنجیلانەکەت لەگەڵ خۆتدا دەبەیت بۆ بۆنە و زەماوەندێك، یان بەشداری لە ئاهەنگێکدا دەکەن، واجوانە کچەکەشت وەك خۆت جوان و ڕازاوە بێ، تەنانەت ئەوەندە بیڕازێنەوە هەر وەك بووکەشووشە وابێت. کاتێك بە خانمێك دەڵێن دەست ڕەنگینە، دەبێ لە هەموو کار و

# هەنگاو بە هەنگاو بۆ پرچێکی لوول!

پرچـــی لوول، لای هەندێك كچان باوە، تەنانەت زۆریش حەزی پێدەكەن، بەڵام هەندێكیان قژیان خاوە، بۆیە هەرچەند هەوڵی بۆ بدەن لوول نابێت، بۆیە پسپۆرانی بواری قژ، حەز ناكەن دڵی ئەو كچانە بشكێنن كە حەزیان لە پرچی لوولە. ئەم جۆرە كچانە بەم دوو شێوازەی دادێ، دەتوانن پرچی خۆیان لوول بكەن :

**یەكەم :**

- بۆ ئەوانەی پرچیان هەندێك خاوە، یان تێكەڵە لە نێوان خاو و لوول، پرچەكەت بە دەستی خۆت بڕبڕ دابەشی بكە بۆ ماوەی (یەك شەو تا بەیانی).
- وا چاكە پرچت لە ناوچەوانەوە بەرەو پشـــتە سەرت لە شێوەی كەزی چوارگۆشە ببەستی. پاشان هەر بەشێك بە تۆقەیەك قایم كـــە، دوای لێكردنەوەی تەوقەكان و بەردانەوەی كەزییەكان، پاشـــان بە ڕەفتەیەك ســـەر و پرچت ببەستە تا قەد بگرێ.
- بەم شێوەیە دەتوانی قژت لوول بكەی، ئەگەر بەیانی هەڵســـای لە خەو، ڕەنگە قژت هێشـــتا تەڕ بێ، هەر بۆیە بە وشكەبا (مجففە) وشكی بكەوە.

**دووەم :**

- سەرەتا قژت بشۆ، دواتر بە وشكەبا پرچت وشك بكەوە، دواتر (شـــانەی لوولەك) بهێنە، لەگەڵ كرێمی قژ، كە كرێمێك بێت قژ توند و تۆڵ بكات.
- دوای شووشتنی قژت بە شامپۆ، پاشان گەرماوی زەیتی بۆ بكە، ماوەیەك بوەستە با هەندێك وشك بێتەوە.
- دوای وشك كردنەوە، قژت بڕبڕ بكە، دواتر دایبهێنە، لەگەڵ ئەوەی بە (ڕۆڵز) گەرمی بكە، ئەو پارچەیەی مەبەستە بیخە ناو دەمی ڕولزەكەوە بۆ ماوەی نیو كاتژمێر، لە كۆتاییدا سپرای پرچی لێبدە و ئیدی پرچت بە تەواوی لوول دەبێ.
- شانەی لوولە، یان شانەی لەفەی سادە بەكاربهێنە، كە قژ لوول دەكات.
- پاشان پرچت بكە چەند كەزییەك، بەڵام لە پێشدا بە ئاو تەڕی بكە، لە كۆتاییشدا هەندێك جەلی لێبدە تا بوەستێت.





ئەركێكیدا لێهاتوویی خۆی پیشـــان بدات. ئیدی جوانیی ماڵ و منداڵت لە بیر مەكە، بەڵكو جوانیی ئەوانیش گوزارشـــت لە كاری جوانیی تـــۆ دەكات. كیژۆڵانیش بە جلەوە ڕازاوەتر دەبن، وەك كچە شـــۆخ و شـــەنگێك دێنە بەرچاو. تا كچەكەت لە نێو كچانی دیكەدا خۆی بە شـــاجوانێك بزانێـــت، وابكە كچەكەت وەك بووكەشووشـــەیەكی بچووك بێ، كراســـێكی درێژ و سادە ڕەنگی بۆ هەڵبژێرە، جگە لەوەش كیژۆڵەی بچووك، هەر خۆی حـــەزی بە بووكە شووشـــەیە، وەك چۆن خۆی جلی جوان لەبەر بووكەشووشـــەكەی دەكات، تـــۆش وەك كیژۆڵەكەت بە، جلێكی قەشەنگ لەبەر كچەكەت بكە.



# قوتابخانەکەی لەمیس بۆ دیارییە

(توویا بویۆکستۆن)ی کچە ئەکتەری شۆخی تورکیا، ئەوەی لە نێو خەڵکدا بە (لەمیس) ناسراوە، دوای ئەوەی لە ڕێکخراوی یونیسێفی جیهانی کرایە باڵیۆزی منداڵان، ڕاستەوخۆ دوای وەرگرتنی ئەو نازناوە شانازە، قوتابخانەیەکی تایبەتی بۆ منداڵان دروست کرد. توویا، لە کردنەوەی قوتابخانەیەکی منداڵان لە سوریا بەشدار بوو، کە دەکەوێتە ناوچەی کلسی باشووری تورکیا و باکووری سوریا، بۆ دڵ خۆشی و زەردەخەنە بەخشین بە منداڵانی ئەو قوتابخانەیە، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە لەگەڵیان بوو، بە گۆرانی و قسەی خۆش و وێنەگرتنەوە خەریک بوو، وێڕای ئەوەی لەم ماوەیەدا خەریکی زنجیرە درامایەکە بە ناوی (خۆشەویستی و پارەی ڕەش).

ئەگەر لەو وێنەیە ورد بینەوە دەبینین کە ڕایەخی ئەو شوێنە وەک هی ئێستا نییە، یەک پارچەو بە نەخش بێت، بەڵکو چەند بارچەیەک لە لباد و جاجم و مافووری دەستکردە کە کچۆڵە و خاتوونانی ئەو سەردەمە بە دەستی خۆیان دروستیان دەکرد نەک تەنیا ئەوەندەش، بەڵکو وەک داهاتێک بۆ فرۆشتنیش دروستیان دەکرد، لە لایەکی دیکەوە سۆبەی دار کە گەرمیەکی زۆر دەبەخشێ و سیمایەکی دیاری ژیانی خەڵکی جاران بوو، جاران کە پاییز دادەهات، گوندنیشنیان داریان کەڵەک دەکرد بۆ ئەوەی لە زستادا خۆیانی پێ گەرم بکەنەوە و خواردنیشی پێ ئامادە بکەن. سەبارەت بە ناندێن و شێوازی چا ئامادەکردنیش دەبینن چا بە سەماوەر لێدەنێن کە ئێستا زۆر کەم بەکاردێت لەبەر ئەوەی لە پێشوتردا بەتایبەت لە دیوەخاندا بە بەردەوامی دەبوایە چا هەبێت، بۆیە هەردەم سەماوەر گزەی دەهات، لەم وێنەیەدا شتێکی دانسقە دەبینن کە پێدەگوترێ دەست شۆر کە لە جیاتی دەستشۆری سیرامیکی ئەم سەردەمەدایە، دەست شۆری جاران لە کانزا دروست دەکرا، دەفر و سەرقاپێک بوو، سەرقابەکە لێواری هەبوو، سابوونێکیش لە سەر سەرقاپەکە دادەنرا، ئیدی یا دەست شۆر بە ناو دیوەخاندا دەسووڕایەوە و یەک یەک میوانە و خانەخوێ، دەستی خۆیان دەشووشت، یان لەبەر هەیوانی دیوەخانەکەدا دادەنرێ، هەر کەسێ ویستبای دەچوو دەستی خۆی دەشووشت، لاوێک یان مێردمنداڵێک بە مەسینە ئاوی بەسەر دەستی ئەو کەسانە دەکرد کە دەهاتنە سەر دەست شۆر. بالیفەکانی ئەوساش جیاوازبوون ئەگەر سەرەنج بدەین لە هی ئێستا گەورەترن لە دیواخاندا بالیفی گەورە دادەنرا بۆ ئەوەی پیاوانی دیوەخان پاڵی پێوە بدەن یان ئانیشکی لە سەردا بدەن، هەندێک جار گەورەیی بالیف لەو سەردەمەدا پلەی ڕێزی دەردەخست و ئەگەر یەکێک ڕێزێکی گەورەی لە یەکێک گرتبیان بالیفێکی گەورەتر لە هی خۆی لە پشتی یان تەنیشتی دادەنا، بە جیاواز لەگەڵ ئێستا کە ئەم نەریت و خووە کۆمەڵایەتیانە باویان نەماوە وکەس باسیشی ناکات.

## بە ناو ماڵ و دیوەخان ئاشنابە







# کراسەکەت لـــە شیکۆڵاتەیە






هـــەر زانیومانە جل و بەرگ لە پێســـت و خووری و پەموو و شـــتی دیکە دروســـت دەکرێت، ئەو بابەتە کچان و خانمان دەگرێتەوە، لەلات سەیر نەبێ ئەگەر ڕۆژێك کراسێکت لەبەر بوو، دواتریش ئەگەر هەستت بە برسی بوون کرد، پارچەیەك لە کراسەکەت بخۆی، چونکە ڕەنگە کراسەکەت خواردن بێت و پێشـــی نەزانی، ئەوەتا لە وڵاتی سویســـرا، نمایشێکی تایبەت بە کراسی شـــیکۆڵاتەیان کردەوە، چەندین جۆرە کراس نمایشکران کە لە شیکۆڵاتە دروست کرابوون، ئەم نمایشەش بریتیی بوو لە ڕێکلامێك بۆ شیکۆڵاتە، ئەو نمایشە ساڵانە دەکرێ، بەڵام جۆری نمایشـــەکە جیاوازە لە ســـاڵێك بۆ ســـاڵێکی دیکـــە، چونکە ســـاڵی پار هەمان ئەو شیکۆڵاتەیان لە دروست کردنی ئوتۆمبێلێکـــی بچو و کـــدا بەکارهێنابوو.





# پێڵاو بە دەم و ددانەوە!

مـاوە مـاوە چەندین بەرهەمی سەیر دروست دەکرێن، کە لە بواری مۆدەدا جێگەی سەرسوڕمانی خەڵکیش دەبـێ، ئـەو مـۆدە تازانە لە چەندین بـواری جیا جیا سـەرهـەڵدەدەن، وەك پێڵاو، کـراس، کاتژمێری دەست، لەلایەن چەند کۆمپانیای دروست کردنی کەرەستە و شتی لەم جۆرە، بەرهەم هێنراون. یەکێك لە دیزاینەرانی پێڵاو، گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای (بۆریداپاندا) دا ئیمزا کرد بۆ دروست کردنی پێڵاوی بە ددان. ئەو دیزاینەرە جۆرە پێڵاوێکی ددانداری دروست کردووە، واتە ژێرەوەی پێڵاوەکە وەك دەم وایە، پڕە لە ددان. با کوڕان و کچانیش ئەوە بزانن ئەو جۆرە پێڵاوە بۆ هەردوو ڕەگەزە، ئـەوەی بیەوێ لەپێی بکات، یـان لە شوێنی گشتی ڕێکلامیی بۆ بکات، لەلایەن کۆمپانیای ناوبراوەوە پێڵاوێکی دیکەی بە خەڵات پێشکەش دەکرێ.



## وتــەی نــاوداران

**چارلی چاپلن دەڵێ :**

خەمبار مەبە بەوەی کەسێك قسەی ناشیرینت بەرانبەر دەکات، چونکە ئەو ئەرکەی لە سەرت کەم کردۆتەوە کە بە دوای رەوشتی خۆیدا بگەڕێیت !

## تابـــــلۆ

یەکێکە لە تابلۆی وێنەکێشی ئەمریکی (ستیف هانکس)، لە ساڵی (١٩٤٩) لە دایك بووە، هەر لەو وڵاتەش لە بواری وێنەکیشاندا خوێندنی تەواو کردووە، ئەو تابلۆیەش، باس لە نەرم و نیانی دایکێکی بەسۆز دەکا، کە چۆن منداڵەکەی لە ئامێزدا گرتووە، منداڵەکەش بە زەردەخەنەوە سەیری دایکەکە دەکات، ستیف، گرنگی بە منداڵ دەدات لە زۆربەی بەرهەمەکانی، وەك ئەوەی بونەوەرێکی بێگەردە، لە زۆربەی وێنەکانیدا باس لە جوانی و ژیانی منداڵ دەکات.



## زەبەلاحترین ئۆت



بەم دواییە کۆمپانیای فۆردی ئەمریکی، رێگەی پێشکەوتنی گرتۆتە بەر، ئەمەش لە بەرهەمە تازەکانیدا دیار دەکەوێ، لەو کاتەی جۆرەها ئۆتۆمبێلی جۆراوجۆری تازەی بەرهەم هێناوە، تەنانەت تەنیا کۆمپانیایەکە زۆرترین خەسڵەتی بەرز لە ئۆتۆمبێلەکانیدا بەدی دەکرێ، ئەوەتا زەبەلاحترین ئۆتۆمبێلی ساڵۆنی دروست کردووە، کە ناوی ئیف -٦٥٠یە، کە ئەو ئۆتۆمبێلە (٦) دەرگایە، واتە لە جیاتی ئۆتۆمبێلی ئاسایی، شوێن دانیشتنێکی دیکەی بۆ زیاد کراوە، ئەوەش وا دەکات کە (٨) کەس بە ئاسانی تێیدا دانیشن، هێزی سووتەمەنی (٦,٧)لیتر/ CC و هێزی توانایی (٣٦٠) ئەسپە.

## کتێبێك ئەوەندەی نینۆکێکە

وەك دەزانین قەبارەی زۆربەی کەل و پەل و کەرەستە، دیاری کراوە، تەنانەت هەندێ جار لە شێوەی ستانداردی خۆیان لادەدەن، بە بچووکتر یان گەورەتر لە خۆیانەوە دروست دەکرێن، کتێب چەندین قەبارەی جیاوازی هەیە، بەڵام ئەمەیان بچووکترین کتێبە تا ئێستا دروست کرابێ، ئەو کتێبە بچووکە، لەلایەن (ئیڤان لۆرنزن) ئامادە و دروست کراوە، کتێبەکەش بە ناوی (کتێبی بچووك بۆ رووداوە گەورەکان)، تیایدا باسی لە چەندین بابەت کردووە لەوانە : تێپەڕ بوونی ژیان، کارەبا، نەهامەتی و نەخۆشی، دیداری یەکەمینی مرۆڤ.. کتێبەکە ئەوەندەی نینۆکێکی پەنجە دەبێ، بۆیە بە بچووکترین کتێب دادەنرێ کە باسی بابەتی گەورە بکات.




## گرانترین کاتژمێر لە مێژوودا

ماوەیەك لە مەوبەر گرانترین کاتژمێرمان لە کوردستان بڵاوکردەوە، کە نرخەکەی نزیکەی (٤,٥) دەفتەر دەبوو، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە گرانتر لەو کاتژمێرەی کوردستان هەیە، کاتێك لە زیادکردنی ئاشکرای کاڵاکانی (کریستیز)، دوای مشت و مڕێکی زۆر لە سەر فرۆشتنی کاتژمێری جۆری رۆڵێکس، لە کۆتاییدا بە (١,٢) یەك ملیۆن و دوو سەد هەزار دۆلار فرۆشرا، واتە (١٢٠) دەفتەرە دۆلار!



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**
ئەمڕۆ ئەستێرەکان هاوکاریت دەکەن، بارودۆخی ژیانت ئارام دەبێتەوە، هەروەها کاروبارەکانت بەڕێکی بەڕێوە دەچن، لەوانەیە مژدەیەکی خۆشت پێ بگات، خۆشترین ڕۆژت ڕۆژی شەممەیە.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**
ئەمڕۆ زۆر ئاگاداری خۆت بە و باری دەروونیشت بەشیوەیەکی باش کۆنترۆڵ بکە، هەروەها زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەرەکەت بکە، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی شەممەیە.

**دووانە**
**٥/٢١ - ٦/٢٠**
ئەمڕۆ لە بواری ئیش و کاردا بەخت یاوەرتە، هەروەها پەیوەندیت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت و هاوڕێکانت زۆر باش دەبێت، هەست بەخۆشی و شادی دەکەیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی هەینییە.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**
ڕەنگە ئەمڕۆ هەندێك کێشەو ئاژاوە بەرەو ڕووت ببێتەوە. بۆیە پێویستە خۆڕاگر بیت و خۆشت لە گرفت و کێشەی خەڵکانی دیکە هەڵمەقورتێنە، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت چوارشەممەیە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**
وا باشترە ئەمڕۆ بیر لە جێبەجێ کردنی پڕۆژەکان نەکەیتەوە، بەڵکو لە بری ئەمە هەوڵی پەیوەندی کردن لەگەڵ دۆستەکەت بدە و مێشکی خۆت کەمێك ئارام بکە، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی سێشەممەیە.

**گوڵەگەنم**
**٨/٢٣ - ٩/٢٢**
لەوانەیە ئەمڕۆ نەگەیتە هیچ چارەسەرێك بۆ گیروگرفتەکەت، بەڵام گوێ گرتن لە ئامۆژگاریی ئەوانەی لە کەلووی تەرازوون، کەڵکی هەیە بۆت و قازانج دەکەیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی چوارشەممەیە.

**تــــەرازوو**
**٩/٢٣ - ١٠/٢٢**
ئەمڕۆ کەمێك وەڕس دەبیت، لەوانەیە لە بەڵێنێکیشت پەشیمان ببیتەوە کە بە خۆشەویستەکەت داوە، بۆیە هەســــت بە ئارامی دەروون و ویژدانت ناکەیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی شەممەیە.

**دووپـــشـک**
**١٠/٢٣ - ١١/٢١**
ئەمڕۆ ئاگاداری خۆت بە و لە ڕووبەڕوو بوونەوە خۆت بە دوور بگرە، ڕەنگە لە بواری سۆزدارییەوە بەخۆتدا بچیتەوە و چەند بڕیارێکی گرنگ لەم بوارەدا بدەیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت سێشەممەیە.

**کـــــەوان**
**١١/٢٢ - ١٢/٢١**
لەوانەیە ئەمڕۆ کارێکی چاك بکەیت و تێیدا سەرکەتوو بیت، یان گوێتان لە هەواڵێکی دڵخۆشکەر دەبیت و ڕەنگە دەستکەوتێکی ماددی باشیشت بەدەست بگات، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت پێنج شەممەیە.

**گـــیـــســک**
**١٢/٢٢ - ١/١٩**
ڕەنگە بە هۆی کاریگەری ئەستێرەکانەوە کەمێك دوودڵی و دڵەڕاوکێ باڵ بە سەرتدا بکێشێ، بۆیە کەمێك ئارام بە و بە هیچ شێوەیەك سەرکێشی نەکەیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت یەك شەممەیە.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**
لە ئیمڕۆوە لە بواری کاردا پێشبینیی هەندێك گۆڕانکاری بکە، لە لایەنی سۆزداریشەوە پێشکەوتنی باش بەدی دەکرێت و تا ڕادەیەکی باش دڵخۆش دەبیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی چوارشەممەیە.

**نەهەنگ**
**٢/١٩ - ٣/٢٠**
برادەری خراپ وەك خەڵوز وایە نەشت سوتێنی ڕەشت دەکات، بۆیە لە هۆکارەکانی ناوزڕاندنی خۆت مەپرسە، بەڵکو بە زووترین کات خۆت لە هاوڕێ خراپەکانت بەدوور بگرە، لایەنی سۆزداریشت بەرەو پێش دەچێت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت دوو شەممەیە



## ـــــــــــۆمبێلی (٦) دەرگا !



## بۆ زاخاوی مێشک

بۆ زانینی ئاســـتی زیرەکیـــت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشـــانە بە پیت پڕ بکەرەوە، کە لە کۆتاییدا ناوێکـــت بۆ دەردەچێت ئەگـــەر بتوانی لە ماوەی (٥) خولەکـــدا ناوەکـــە دەدۆزیتەوە، بە ســـوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە.

- پیتـــی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئاگر بە زمانی عەرەبی)
- پیتـــی خانەکانی (٣+٢+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (بەشێکی جەستەی مرۆڤەکە گەورەترین ئێسقانی تێدایە)
- پیتـــی خانەکانـــی (٤+٥) کۆبکەیتـــەوە بە مانای (دراوی وڵاتی ژاپۆن)
- پیتی خانەکانـــی (١+٢+٥)کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێکە لە ئارد دروست دەکرێ، ڕۆژانە دەیخۆین)



* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (دۆسکی) بوو.